# سەرەتای تەقینەوەی ناکۆکیەکان

## هەڵویستی تاڵەبانی لەمەڕ سیستمی حوکمڕانی یەوە لە عێراقدا

### تازەترین ڕاگەیاندن و هەڵوێستەکان:

دوای پەنگ خواردنەوەی هەرچی زیاتری کێشەو ململانێکانی هێزەکانی لایەنگرانی ئەمریکا لەنێوان ناسیۆنالیزمی کورد و ئیسلامی سیاسی شیعە و ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عێراقدا ( کە خۆیان بە ناسنامەی تەزویرو جیاجیای نەتەوەیی و دینی و تائیفیەوە  ـ کورد ـ عەرەبی شیعە ـ عەرەبی سوننە ـ ناساندووە) ماوەی چەند هەفتەیەکە دوای بنبەستی تەوافوق و ئیئتلاف و ڕێکەوتنەکانیان بە ئاشکرا و ڕوو بەکۆمەڵگا لەڕاگەیاندن و چاوپێکەوتن و هەڵس و کەوت و مامەڵەی ڕۆژانەیاندا کێشە و ململانێکانیان ڕادەگەیەنن و پێشبینی مەترسی هەرچی زیاتری تەقینەوەیان نیشان دەدەن. بێ ئاسۆیی و بن بەستی سیاسی ـ ئایدیۆلۆژی ئەم هێزە چەکدار و میلیشیایانە لەبەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەسەراسەری عێراق و خۆگریدانەوەیان بە مانەوەی ئەمریکاوە و سەرەنجام کێشە و ململانێکانیان لەسەر بردنی بەشی زیاتری دەسەڵات ئەو بۆمبە تەوقیت کراوەیە کە مەترسیەکی زۆر زیاتری هەیە لەو نائارامی و کوشت و کوشتارەی هێزەکانی ئەمریکاو جەماعەتی زەرقاوی و القاعدە و پاشماوەکانی بەعس تا ئێستا خوڵقاندوویانە. بەمانایەکی تر بۆمبە خۆکوژیەکان و تەوقیتکراوەکانی تا ئەمڕۆ القاعدە و پاشماوەکانی بەعس ڕووپۆشێکی ئەو بۆمبە تەوقیتکراوەی تەقینەوەی کێشەو ململانێکانی ئەم هێزانەی دەوری ئەمریکایە، کەبەتەواوی سەراسەری کۆمەڵگای عێراق غەرقی کوشتار و نائارامی و تراژیدیای مەترسیداری چەشنی ڕواندا و کینو ڤینی قەومی و دینی و تائیفی و فەوزاو سەرگەردانی زیاتر دەکاتەوە. هەربۆیە ئەم هێزانە بە پێچەوانەی ئیدیعاکانیانەوە نەك هەر ناتوانن ئاسایش و ئارامی بۆ کۆمەڵگای عێراق بگێڕنەوە بەڵکو خۆیان سەرچاوەی نائارامی و مەترسی زیاترن بۆ سەر ئاسایش و ئارامی لەعێراقدا. ئەم هێزانە بوونی هێزەکانی ئەمریکایان پێش ئەوەی بۆ ڕاوەدوونانی جەماعەتی زەرقاوی و پاشماوەکانی بەعس پێویست بێت، زیاتر بۆ ڕاگرتنی تەقینەوەی کێشەکانی خۆیان پێویستیان بە ئەمریکایە هەتا ئەو کاتەی تەرازوی هێز بەلای یەکێکیاندا بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵات پێویستی بە ئەمریکا نامێنێ.

ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو کاتێکی تر لەگەڵ هاتنە خوارەوەی کێرڤی ئەمریکا لەعێراق و چوونەسەری تەرازووی هێزی ئیسلامی سیاسی شیعە و ناسیۆنالیستی عەرەب، پەیوەندی و ئیئتلاف و ڕێکەوتنەکانیان ڕۆژانە لە هەڵبەز و دابەزدایە، هاوپەیمانانی دوێنێ دەبنە ناحەز و دوژمنی یەکتر. فشار دەخەنە سەر یەکتر و پیلان لەدژی یەکتر دادەڕێژن و هەڕەشە لەیەکتر دەکەن. هەموو سیاسەت و هەڵس و کەوت و مامەڵە و بڕیار و ڕاگەیاندنێکی ڕۆژانەیان لەبەرامبەر یەکتردایە. بەتایبەتی لە ئێستادا ئیسلامی سیاسی شیعە و ناسیۆنالیزمی عەرەب سەرەڕای ناکۆکیەکانی خۆیان لەبەرامبەر داواکانی ناسیۆنالیزمی کوردا (فیدرالیزم و گەڕانەوەی کەرکوك) ئەوە ڕادەگەیەنن کە نەعێراق دەبێتە عێراقێکی فیدراڵی نەکەرکوکیش دەگەڕێتەوە سەر کوردستان. ئەوەش کە دەورەی پێشوو لە داڕشتنی دەستوری کاتی دا ملیان پێ دابوو ئەمڕۆ لەداڕشتنی دەستوری هەمیشەیی دا ڕەتی دەکەنەوە، تەنانەت لە مامەڵەو کارو باری ڕەسمی خۆیاندا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ئیقلیمی لە عێراقدا بەڕەسمی ناناسن و داوای پابەندی و گرێدانەوەی پارێزگاکان بە بەغداوە دەکەن.

### ناسۆنالیزمی کورد:

( مەسعود بارزانی  سەرۆکی هەرێمی کوردستان) لە وتەیەکیدا لەبەردەم پەرلەمانی عێراقی داوای کرد کە برگەی 58 لە یاسای ئیدارەی کاتی جێبەجێ بکرێت و دان بە ناسنامەی کوردستانی کەرکوکدا بنرێت. ( سایتي ثةیامنێر 28/5/ 2005)

### ئیسلامی سیاسی شیعە:

بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئیرنای ئێرانی لە لەندەنەوە، ( ئیبراهیم جەعفەری سەرەك وەزیرانی عێراق) لە لەندەن دوای دیدار لەگەڵ تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەگەڵ کەسایەتیە عێراقیەکان کۆبووەوە.

لەو دیدارەدا کە لە شوێنی باڵوێزخانەی عێراق لە لەندەن بەڕێوە چوو، جەعفەری سەبارەت بە مەسەلەی کەرکوك بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کێشەی کەرکوك لە ڕێگای جێبەجێکردنی ماددەی 58 لە یاسای ئیدارەی کاتی چارەسەری بۆ دانراوە، گووتی: ( کەرکوك شارێکی عێراقی یە و هی هەموو عێراقیەکانە). ( سایتي ئەیامنێر 28/5/ 2005 )

## ناسیۆنالیزمی عەرەب:

( ئیئتیلافی دیموکراتی عێراقی ) بە سەرۆکایەتی ( مالك دۆهان حەسەن) وەزیری دادی پێشووی عێراق، ڕایگەیاند کە پێنج گرێ کوێرە هاتوونەتە ڕێی دارشتنی دەستور، بەڵام شیعە و سوننە لەسەر ئەو پێنج خاڵە گرنگە یەك هەڵوێستیان هەیە! ئەو پێنج ئاستەنگە بریتین لە: سیستمی حوکمڕانی، پەیوەندی ئایین و دەوڵەت، ڕۆڵی ئافرەت، کێشەی کەرکوك و کێشەی ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە ( ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان). لەو بارەیەوە ( هاشم الجبوری ئەندامی سەرکردایەتی ئیئتیلافی ناوبراو بە ڕۆژنامەی الحیاە ڕاگەیاند کە شیعەو سوننە یەك هەڵوێستی هاوبەشیان لەسەر ئەو مەسەلانە ڕاگەیاندووە. ناوبراو ووتی لەسەر شێوەی سیستمی حوکمڕانی بڕیارمان داوە عێراق کۆمارێکی تەعەدودی دیموکراسی بێت. لەسەر مەسەلەی کەرکوکیش وامان داناوە کە دووا بخرێت و یاسای ئیدارەی دەوڵەتیش ڕێمان پێدەدات کە ئەو مەسەلەیە بۆ دوای دارشتنی دەستور و پێکهاتنی حکومەت دوابخرێت. هەروەها گوتی : ڕەنگە کورد دژی ئەو دواخستنە بن بەڵام ئێمە ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنین.. گەورەترین ئاستەنگ کە وەکو بۆمبێکی کاتی وایە برگەی چوارەمی مادەی 58 ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتە کە باس لەو ناوچانە دەکات کە لە نێوان کورد و عەرەبدا بوونەتە جێی ناکۆکی ، چونکە کورد داوا دەکەن ئەو ناوچانە لە موسڵ و دیالە و سەلاحەدین بکرێنەوە و بخرێنەوە سەر کەرکوك و ئەوکاتە پێکەوە بخرێنەوە سەر کوردستان، ناوبراو گووتی : ئەو مەسەلەیەش دووا دەخرێت. (سایتي ئەیامنێر 28/5/ 2005)

## هەڵوێستی تاڵەبانی ..

سیستەمی حوکمڕانی تەوەرەیی ترین مەسەلەیەکە کە ئایندەی سیاسی لە عێراقدا دیاری دەکات. عێراقێکی تەعەددی ـ دیموکراسی ئەو زاراوە و شێوەیەیە لەحوکمڕانی کە ئیسلامیەکان و ناسیۆنالیزمی عەرەب لەبەرامبەر عێراقێکی ( فیدراڵی ) دا بەدەستیانەوە گرتووە. دیموکراسی لەعێراقی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا جگە لە دیموکراسی ئیسلامی هیچی تر نی یە. دیموکراسیەك کە تیایدا ئاینی ئیسلام دینی ڕەسمی دەوڵەت و سەرچاوەیەکی پایەیی دەستور و قانون و کارو کردەوەی ڕۆژانەی دەسەڵات و حکومەتە. دیموکراسیەك پێش ئەوەی ببێتە دەستور نموونەکانی لە شارەکانی عێراقدا دەبینین. کربلا و نجف لەولاوە بوەستێ کەکراوەتە جەنگەڵستان، با بڕوانینە شاری بەسرە کە چۆن لەلایەن ئەم دیموکراسیەی ئیسلامیەکانەوە چی بەسەرهێناوە.

لۆس ئەنجلۆس تایمز و شەرق ئەلئەوسەت : لە بەسرە کە دووەم شاری عێراقە لە ڕووی دانیشتوانەوە و پێشتر کراوەترین شاری باشووری عێراق بوو لەپاش بەغدا، هەر دکتۆرێك چارەسەری ئافرەتان بکات بەرەوڕووی لێدان دەبێتەوە، لەوێ فرۆشیارانی ئەلکهول دەکوژرێن هەر سەرتاشێك لەسەر مۆدیل سەر چاك بکات ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە.لەسەر شەقامەکانی ئەو شارە یاساکانی شەریعەی شیعە حوکم دەکەن و ئافرەتان کە پێشتر ئازادترین ئافرەتانی باشووری عێراق بوون ناوێرن بەبێ پۆشینی حجاب یاخود بە تەنیا بچنە دەرەوە. حسێن نعمە کە پێشتر یەکێك لەگۆرانی بێژە ناودارەکانی باشوورە لەو بارەیەوە دەڵێت: ناتوانین بە ئاشکرا گۆرانی بڵێین، شتێکی سەیرە وامان دەزانی کە بەعس ڕووخا خەڵك بەرووی شعر و گۆرنی و هونەردا دەکرێنەوە. ( سایتي ئەیامنێر 28/5/ 2005) ئەمە ئەو دیموکراسیەیە کە ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بیکاتە دەستور و قانون و سیستمی حوکمڕانی.

پەیامی( عێراقی تەعەدودی ـ دیموکراسی ) ئیسلامی سیاسی لەبەرامبەر ( عێراقی فیدراڵی )ناسیۆنالیزمی کوردا ڕەتکردنەوەی ئەو خەونەی ناسیۆنالیزمی کوردە کە لەچوارچێوەی عێراقێکی ئیسلامی قەومیدا پەیامی فیدرالیزم

بەرزبکاتەوە.لەولاشەوە جەلال تالەبانی بۆ نەرمکردنی دڵی بەخشندەی ئیسلام هاوسەنگەری خۆی بۆ نەخشی ئیسلام لە سیستمی حوکمڕانی عێراق و دژایەتی کردنی عەلمانیەت ڕادەگەیەنێت: ( جەلال تالەبانی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دێر ئیشپیگڵی ئەڵمانی گوتی: هیچ کاتێك عێراق نابێتە وولاتێکی عەلمانی ( سکۆلار) چونکە ئەوە بە مانای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتە و ئێمە ئیسلام بە ئاینی ڕەسمی عێراق دەناسین و کردوومانەتە سەرچاوەیەك بۆ داڕشتنی دەستوری هەمیشەیی عێراق. ( سايتي ئةيامنيَر 28/5/ 2005 – تەئکیدەکان هی منن ـ نووسەر)

ئەم بەرگری و پاکانەکردنەی تالەبانی بۆ ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلام و دژایەتی کردنی عەلمانیەت سەرەڕای ئەوەی ئیدیعاکانی خۆی و حزبەکەی سەبارەت بە مەدەنیەت و عەلمانیەت و سۆشیال ـ دیموکرات دەیان و سەدان جاری دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بەدرۆی دەخاتەوە، هاوکات ئەوە دەسەلمێنێت کە ناسیۆنالیزمی کورد لەپەنا ئیسلامی سیاسیدا ڕێگر و لەمپەرێکی ترن لە بەردەم کۆمەڵگایەکی عەلمانی لە عێراقدا،

هاوکات ئەم ڕاگەیاندنەی تالەبانی ئەوە نیشان دەدات کەناسیۆنالیزمی کورد هیچ ئاسۆیەکی ڕۆشنی بۆ بەدەستهێنانی هەرێمی فیدراڵی کوردستان و گێڕانەوەی کەرکوك بۆ کوردستان ( کە کردوویانەتە دەرمانی دەردی خەڵکی کوردستان و بەوە فریویان دەدەن) لەبەردەمدا نی یە. هاوکات لەبەرامبەر فشاری ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی عەرەبدا بۆ لەق نەبونی چەند کورسی و پۆستێکیان لەبەغدا و پاراستنی دەسەڵاتی حزبەکانیان و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بودجەکانیان نەك ( فیدراڵیزم و گێڕانەوەی کەرکوك) بەهەر قیمەتێك بێت دەیگۆڕنەوە، بەڵکو زیاتر لەئیسلامی سیاسی بەرگری و پاکانە بۆ حوکمی ئیسلام دەکەن و پەنجەمۆر لە دەستور و قانونی ئیسلامی لەسەراسەری عێراقدا دەدەن.

سەرەنجام ڕێگای ناسیۆنالیزمی کورد بەهەر لایەکدا بێت تاریك و مەترسی دارە، ئەگەر بۆ دەسەڵاتی خۆیان شەڕو کوشتاری قەومی نەخوڵقێنن، بەدەستی بەستراوەوە خەڵکی کوردستان دەکەنەوە دیلی دەستور و قانون و دەسەڵاتی ئیسلام و پلەدوویی.

تەنها ڕێگای ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان لەپریشکی ئاگری کێشەو ململانێ و شەڕی ئەم هێزانە، بەرگرتن بۆ گێڕانەوەی خەڵکی کوردستان بۆ ناو زەلکاوی تیرۆریزم و کۆنەپەرستی و دەستور و قانونی دەسەڵات و حکومەتی ئیسلام و پلەدوویی لەعێراقدا، جیاکردنەوەی کۆمەڵگای کوردستانە لە تیرۆریزم، لە شەڕ و ململانێی دەسەڵات ئەم هێزانە، لەحکومەت و دەسەڵاتی ئیسلام و ناسیۆنالیزم لەعێراق.

سامان ئەحمەد
2005/7 /1